# شەڕەکانی پشتی ئەم شەڕە ئاڵایە

## ریبوار ئەحمەد

ڕۆژی 1ی سەپتەمبەر مسعود بارزانی بە بڕیارێك ڕایگەیاند کە دەبێ "ئاڵای ئێستای عێراق" لە هەموو شوێنە ڕەسمیەکانی کوردستان دابگیریت‌و چیتر ئەو ئاڵایە لە کوردستان بەرزناکرێتەوە. ئەم بڕیارەی مسعود بارزانی ئەزمەیەکی سیاسی خولّقاند، سەرانی ڕەوت‌و لایەنە سیاسیە ناسیونالیستە عەرەبەکان‌و پاشانیش سەرۆکی حکومەتی دەست سازی ئەمریکا لە بغداد، بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە کاردانەوەو هستریای خۆیان بەرامبەر ئەم بڕیارە نیشاندا.

بەڵگەی مسعود بارزانی بۆ بڕیارەکەی ئەوەیە کە ئەم ئاڵایە، ڕەمزی ڕژیمی بەعسەو لەژێر ئەو ئاڵایەدا خەڵکی کوردستان کۆمەڵکوژو ئەنفال‌و کیمیاباران کراون. هەموو ئەمانە ڕاستەو ئەو ئاڵایە نەك هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە سەراسەری عێراقدا ڕەمزی فاشیزم‌و سەرکوتی خوێناوی‌و بەربەریەتی بەعس بووە، هەر بەم پێیەش ئەم ئاڵایە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لەسەراسەری عێراقدا، نەك هەر شایستەی هێنانەخوارەوەیە، بەڵکو دەبێ بخرێتە ژێرپێوە.

بەڵام بۆ هەر کەسێك کە هەر لە ساتی یەکەمەوە ئەم بڕیارەی بارزانی دەبیستێت، ئەو پرسیارە واقعیە قوت دەبێتەوە، کە مەسەلە چیەو چ ڕوویداوە وا مسعود بارزانی لە سەرەتای سەپتەمبەری 2006دا، لەیەك ناکاو وەحی بۆهات‌و ئەوەی کەوتەبیر کە لە ژێر ئەم ئاڵایەدا ئەو تاوانکاریانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامدراوە، بەم پێیەش بڕیاریدا لە کوردستان بهێنرێتە خوارەوە؟!! ئەگەر کارەساتی ئەنفال‌و کمیاباران بەو ئەندازەیە جەرگی سەرانی ناسیونالیزمی کوردیان سوتاندوە، کەوایە بۆچی چەند ساڵ دوای ئەنفال هەم تاڵەبانی‌و هەم بارزانی صدام‌و سەرانی بەعسیان لە ئامێزگرت‌و ملیان ماچکردن؟ بۆچی لە 12 ساڵی پێش ڕووخانی بەعسدا کە کوردستان بە کردەوە جیاو لە دەرەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی بەعس بوو، نە مسعود بارزانی‌و نە تاڵەبانی نەك هەر بڕیاری وا "جەسورانەیان" نەدا، بەڵکو لە سەرەتای کۆبونەوەکانی پەرلەمانی نۆبەریان لە نێوان خۆیاندا مشتو مڕی دنیایان لەسەر هەڵکردنی ئەو ئاڵایە کرد، هیچیان جەسارەتی ئەوەیان نەکرد ئەو قسەیە بکەن کە ئێستا بارزانی دەیکات‌و تاڵەبانیش چارەیەکی نەماوە جگە لەوەی بە ئیحراجیەکی زۆرەوەو بە هەزار پێچ‌و دەوەران دوای بکەوێت؟

پرسیارێکی لەوانەش گەورەتر، 31 ئابی 1996 تەنها 10 ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، هاوڵاتیان لە 16 ساڵ بەسەرەوەی کوردستان هەموو لە بیریانە کە چۆن 8 ساڵ دوای ئەنفال‌و کیمیاباران، مسعود بارزانی‌و حیزبەکەی ئاڵای فاشیزمی بەعسیان لەسەر باڵەخانەی پەرلەمانەکەیان لە شاری هەولێر هەڵکرد. پاساویان بۆ ئەمە چیە؟!

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دوای 13 ساڵ دابڕاوی کوردستان لە عێراق، بەبێ گوێدانە خواستی خەڵك، بەبازدان بەسەر مەیل‌و ئیرادەو لیستی ملیونی ئیمزاکانی خەڵك بۆ جیابونەوەی کوردستان، لە پێناو بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیان‌و لە چوارچێوەی سات‌و سەودایان لەگەڵ ئەو هێزە ئیسلامی‌و ناسیونالیستانەی کە ئێستا شەڕە ئاڵایان لەگەڵ دەکەن، بە پێی تەرحی کۆنەپەرستانەی فیدراڵی کوردستانیان بەزۆرەملی لکاندەوە بە عێراقەوە. پرسیار ئەوەیە ئێوە کە ئەو هەموو پروپاگەندەیەتان بۆ خێروبێرو واقعی بوونی فیدرالیزم دەکرد، وە ئەگەر فیدرالیزمتان دەوێت، کەوایە چۆن لەگەڵ ئەم بڕیارە تازەیەی بارزانی دەیگونجێنن؟ سەرئەنجام بارزانی دەبێ وەڵامبداتەوە کە ئەگەر ئەم ئاڵایە بەحەق ڕەمزی ڕژیمی کیمیاباران‌و ئەنفالە، بۆچی لە ماوەی 3 ساڵی دوای ڕوخانی ئەو ڕژێمەش تا ئەو ڕۆژەی بارزانی ئەم وەحیە تازەیەی بۆهات، بڕیارێکی وا لەسەر هێنانە خوارەوەی ئەم ئاڵایە لە کوردستان دەرنەکراوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەکرێ لیست بکرێن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمانە هیچ پاساوێك هەڵناگرن، وەڵامی ئەم پرسیارانە نەك لە پاساوەکانی ناسیونالیزمی کورددا، بەڵکو دەبی لە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی ئێستاو وەزعی یەکێتیو پارتی وەکو دوو حیزبو وەکو دەسەڵاتدارانی کوردستانو وەکو شەریکی ئەو دەسەڵاتە شەقو شڕەی بەغدا، هەروەها لە سیاسەتی بە نرخی ڕۆژ نانخواردنی ئەم حیزبانەدا، بدۆزرێتەوە. هەرکەسێك بەبێ دۆزینەوەی وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانە، دوای ئەو هەراوهوریاو شەڕە ئالایە بکەوێت، یان دەیەوێ خۆی فریوبدات یان دەیەوێ لە فریودانی خەڵکدا خۆی شەریك بکات. تاڵەبانیو بارزانی دروست خەڵك بە ئامرازی یاریەکانی خۆیان دەزانن. ڕۆژێك بەسەر زامە قوڵەکانی ئەنفالو کیمیابارانو گۆڕی بەکۆمەڵدا بازدەدەنو ماچکردنی صدامو هەڵکردنی ئاڵای فاشیزمی بەعسو سازکردنی مەراسیمی پێشوازی لە عبدالعزیز حیکمو لکاندنەوەی کوردستانو بانگێشەکردن بۆ دەستوری فاشیانەی ئیسلامی–قەومی، وەکو بڕیاری سیاسی دروستو حەکیمانەو واقعبینانە، دەرخواردی خەڵك دەدەن، ڕۆژێکی تریش وا نیشاندەدەن که گوایە ئازاری جەرگیان بۆ کارەساتی ئەنفالو کیمیاباران پەتی تەحەمولیانی بریوەو ئیتر چاویان بەرایی نادات ئاڵای بەعس لە کوردستان ببینن.

ڕۆژگارێك بە پێی بەرژەوەندی خۆیان باسی جیابونەوەی کوردستان بە خەتاو تاوانو ناواقعیو گێرەشێوێنی لە قەڵەم دەدەنو سوێند بەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخۆن، ڕۆژێك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەر بەرزکردنەوەی ئەم خواستەو خەباتکردن لەو پێناوەدا سەرکوتو قاچاغ دەکەن، ڕۆژێکی تر دەم لەوە دەکوتن کە هەرکات بیانەوێ بە مافی خۆیان دەزانن بڕیار لەسەر جیابونەوە بدەن.

ئەم شەڕە ئاڵایەی ئێستا سازکراوە، شەڕێکی پوچە، شەڕێکی چەواشەکارانەیە، شتێك نیە جگە لە ئەڵقەیەکی تری هەمان ئەو سیناریۆیانەی لە پێشەوە چەند نمونەیەکیمان باسکرد. بەڵام وەکو هەمیشە بەڵگەی واقعیو بەرژەوەندیەکی تایبەتی ناسیونالیزمی کورد لە پشتی ئەم شەڕەوە ڕاوەستاوە. بەبێ بینینی ئەوانە ناکرێ هیچ هەڵویستیکی دروست لەم مەسەلەیە بگیرێت. بە مانایەکی تر سێ شەڕی واقعی لە پشتی ئەم شەڕە ئاڵا پوچەوە دەبرێتە پێشەوە. لە هەموو ئەو شەڕانەدا سەنگەری خەڵكو بەرژەوەندی خەڵك لەگەڵ سەنگەرو بەرژەوەندی ناسیونالیزمی کوردو ستراتیژێك کە مسعود بارزانی دەیخاتەڕوو، ناکۆکی قوڵیان هەیەو یەکناگرنەوە.

## شەڕی دوای تێکڕوخانی ئیتلافی بەغدایان

یەکێتیو پارتی وەکو نوێنەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بە ئومێدی گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان لە شەریکبونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك، هەموو پرەنسیپیکی سیاسیو ئەخلاقیان ناوەلاوەو لە جەنگی ئەمریکا بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگای عێراقو نوقم کردنی لە سیناریۆی ڕەشدا بەشداری بێدرێغیان کرد. ئەمەیان بە هەلێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان لە قەڵەمدا لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادیو ڕزگاریو دیموکراسیو مافەکانیان. لە درێژەی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەدا سێ ساڵە دەوری خزمەتکردن بە سیاسەتو سیناریۆکانی ئەمریکا دەگێڕن لە عێراقدا بە ئومێدی گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان.

دوای ڕووخانی بەعس ووتیان ئەوە پرۆسەی ئازادیو بەدیهاتنی دیموکراسی لە عیراقدا دەستی پیکردوە، دەستەو تاقمە ئیسلامیە جۆراوجۆرەکانو لقوپۆپەکانی ناسیونال–شۆفینیزمی عەرەبیان بە دۆستو هاوپەیمانی خەڵکی کوردستان ناساندو لە پێناوی بەشی خۆیان لە دەسەڵاتی مەرکەزی، خۆڵیان کردە چاوی خەڵكو ئەڵقە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم سیناریۆ کارەستبارەی عێراقیان، بە هەنگاوەکانی بەرەو سەرفرازیو سەقامگیرکردنی دیموکراسی ناساند. هەموو هەنگاوێکی قوڵبونەوەی سیناریۆی ڕەشیان بە دەسکەوتێکی تازە ناوزەد کرد، لە ڕوانگە ناسیونالیزمی کوردەوە، جەنگ، داگیرکاری، زەمینەدان بە پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزم، دەستەبەندی کردنی قەومیو تائیفی دانیشتوانی عێراق، مەجلسی حوکم، حکومەتی کاتی، داسەپاندنی دەستوری فاشیانە، فیدرالیزمو لکاندنەوەی دووبارەی کوردستان بە عێراقەوە، سەرئەنجام گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنو پێکهێنانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حکومەت بە سەرۆکایەتی تاڵەبانیو مالکی...سەرجەم هەنگاوی گەورەی یەك لە دوای یەك بوون بەرەو، بەدیهاتنی دیموکراسیو ئاواتە دێرینەکانی خەڵکی کوردستانو عێراق. تاڵەبانیو بارزانی لەم بارەیەوە چەندین ووتاری پڕ حەماسەتیان بە گوێی خەڵکدا داوە.

بەلام ئێستا دەرکەوت هەموو ئەو ووتارو هوتافو چەپڵەڕێزانو هەراوهوریایە پوچو بێمایە بوون. سەرجەم ئەوانە ڕەوتی نوقمکردنی کۆمەڵگابوو لە کارەساتی جەنگو تیرۆریزمو داڕوخاندنی کۆمەڵگا لە پێناو دانیشتنی کۆمەڵێك سەرەك قەومو عەشیرەتو تائیفە لەسەر کورسی حوکم. کۆمەڵێك دەستەو تاقم کە ئەو مافانەش بە خەڵکی عێراق ڕەوانابین کە ڕژێمی بەعس نەیتوانیبو لێیان زەوت بکات. دەرکەوت ئەوەی ناویان نابوو هاوپەیمانیو نیشتمانیو برایەتی لە پێناو عیراقێکی نوێو دیموکرات، شتێك نەبوو جگە لە هدنەیەکی کاتی لە شەڕی قەومیو تائیفیدا. ئێستا هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی دەتوانێ ببینێ کە ئەم هێزانەو ئەمریکا لە شکڵدان بە حکومەتێکی واقعی دوچاری ناکامیەکی ئاشکرا هاتوون. حکومەتی تاڵەبانی– مالکی بووە بە مایەی گاڵتەجاڕی هەموو دنیا.

ئەم ناکامیە وەکو ڕۆژی ڕووناك بە نیوچەوانی بۆشو بلێرو تاڵەبانیو مالکیو هەموو سەرانی نێو ئەم وشکەکەڵەکەوە دەبینرێ. لە ئەنجامی ئەم ناکامیەدا ئومێدەکان ئاوابوون، هدنە تەواو بووە، کێشە خەوێنراوەکان قوتبونەتەوە، ئیتلافو هاوپەیمانیەکان تێکڕوخاون، شەڕی ناوخۆ ڕووی لە قوڵبونەوەی زیاترە، هەرکەس دەیەوێ لاشەی خۆی لە ژێر ئەو دیوارە دەرکات کە خەریکە بەسەریاندا دەڕوخیت. مسعود بارزانی بە نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کورد، شەڕە ئاڵای کردوە بە ڕێگایەك بۆ شەڕی دەرکێشانی لاشەی بزووتنەوەکەی خۆی لەژێر ئەم دیوارەی کە لە حاڵی داڕوخاندایە. دەیەوێ ئیتر حسابی خۆی جیابکاتەوە.

بەڵام ئەمە شەڕی خەڵکی کوردستان نیە، ئەمە بە تەنگەوەهاتنی بارزانیو ناسیونالیزمی کورد نیە بۆ چارەنوسی خەڵکی کوردستان، ئەمە هەوڵێك نیە بە ئاقاری دەستبەرکردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان....بەڵکو ئەمە ئاکامی ساتو سەوداو یاری کردنی ئەم حیزبانەیە بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە، ئەمە ئەنجامی دووبارەلکاندنەوەی کوردستانە لەسەر دەستی ئەم حیزبانە بە عێراقەوە. ئەمە ئاکامی فەشەلی سیاسەتێکە کە هەر ئەمەی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەم پێیەش ئەمە خەتایەکی گەورەی دیکەی ناسیونالیزمی کوردە بەرامبەر خەڵکی کوردستان. ئەوان مسئولن لەوەی کە بە فرۆفیشالو فریوکاری خەڵکی کوردستانیان بۆ ناو ئەم کارەساتە ڕاپێچکرد. ئێستاش دەیانەوێ بە شەڕە ئاڵاو بزواندنی دەمارگیری قەومی خەڵکی کوردستان بکەن بە کەرەسەی یاریەکی تر، کە دیسانەوە ناسیونالیزمی کورد لە چوارچێوەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا پەنای بۆ دەباتەوە. ئەمجارە بزواندنی هەستی خەڵکی کوردستان بە دەمکوتان لە جیابونەوەیەك کە گوایە هەرکات ئەوان بیانەوێو وەحیان بۆبیت بریاڕی لەسەر دەدەن. ئەمجارە دەیانەوێ خۆیان بە خواستی جیابونەوەی کوردستانەوە هەڵواسن، بۆ ئەوەی ئەم ئارەزوەی خەڵك بە گرەوبگرن. ئیتر خەڵك نابێ دوای ئەم قومارەی ناسیونالیزمی کورد بکەوێت. ڕێگا چارەی واقعیو خواستی فراوانی خەڵك، جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، ئەمە لە 15 ساڵی ڕابردوودا نەك هەر ڕێگاچارەیەك نەبوو کە ناسیونالیزمی کورد خستبیتیە بەردەم کۆمەڵگا، بەڵکو ناسیونالیزمی کورد یەکێك لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم جێبەجێ بوونی ئەم خواستە بوو.

## شەڕی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ خەڵکی کوردستان

لەو ڕۆژەوە ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا دەسەڵاتی پەیداکردوە، بەردەوام خەریکە ئیمتحانی خۆی دەداتو بە کردەوە نیشانی دەدات کە ئەم دەسەڵاتە هیچ تەبایيو سازگاریو هاوئاهەنگیەکی لەگەڵ ویستو ئامانجو ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستاندا نیە. بە کردەوە نیشانیدا کە دەسەڵاتیکی میلیشایی–قەومی–عەشایەری– ئیسلامی–پیاوسالارییە. دژی ئازادیو بەرژەوەندیەکانی خەڵكو گوێلەمستی دەوڵەتانی کۆنەپەرستو سەرکوتگەری ناوچەکەو دنیایە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام مەسەلەکە بەوە تەواو نابێت، لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا باری گوزەران‌و سەرەتاییترین خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان تا خراپترین ئاست هاتەخوارەوە. تاڵان‌و بڕۆی بێسنورو گەندەڵی سەراپاگیر بەوپەڕی خۆی گەیشت. سەرانی هەردوو حیزب ناچاربوون لەبەرامبەر تورەیی خەڵکدا دان بەم گەندەڵی‌و تاڵانوبڕۆیەدا بنێن‌و خەڵك بە بەڵێنی ڕیشەکێشکردنی ئارام بکەنەوە. سەرئەنجام لە یەك مانگی ڕابردودا بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان لە دژی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەو بەرامبەر نەبونی پێداویستیە هەرە سەرەتایەکانی ژیانی ڕۆژانە خرۆشان. خۆپیشاندان‌و هاتنەمەیدانی جەماوەری هاوکات لە چەندین شاردا، ڕیوایەتێکی بە تەواوی پێچەوانە لە ڕیوایەتی یەکێتی‌و پارتی، نیشانی هەموو دنیادا. بەم جۆرە جەماوەری خەڵك نیشانیاندا کەچیتر تەحەمولی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ‌و داسەپاوە ناکەن.

یەکێتی‌و پارتی دوچاری ئیحراجیەکی گەورەو تەنگانەیەکی سیاسی لەڕادەبەدەر هاتوون. بەپێی ڕاپۆرتی ئەوان خەڵکی کوردستان بە ڕیزی ملیۆنی دەنگو پەنجەمۆری خۆیان بەواندوە، بە ئیدعای ئەوان گوایە "تەجروبە دیموکراسیە سەرکەوتوو"ەکەیان، لە کوردستان بڕیارە ببێتە  بنەمای تەجروبەیەکی نوێی دیموکراسی بۆ عێراق. کەچی جەماوەری ناوچەکانی بندەستیان بە فراوانی لە دژی تەجروبەکەی ئەوان ڕاپەریون. سەرکوتی خوێناوی‌و گرتن‌و ڕاونان‌و زاڵکردنی فەزای میلیتاریستی لە شارەکان، هاوکات دوپاتکردنەوەی بەڵێنی چاکسازی‌و دەستبەرکردنی خواستەکانی خەڵك، هەوڵی بەپەلەی ئەم حیزبانەبوو بۆ خامۆشکردنەوەی ئەم خرۆشانە جەماوەریە. بەڵام ئەمە ئەگەر ناسیونالیزمی کورد بەختی بە باڵیش بفریت، تەنها سەمەریکی کاتی دەبێت. ناسیونالیزمی کورد نە لەو ئاست‌و توانایەدایە کە بتوانێ لە ڕێگای کوشتاری بەکۆمەڵەوە خەڵك مەرعوب بکات، نە بەو دەسەڵاتە گەندەڵ‌و داماوەیەوە دەتوانێ خواست‌و ویستی خەڵك دەستەبەر بکات.

هەڵگیرساندنی شەڕە ئالا بۆ ئەوەیە کە جارێکی تر لە ڕێگای بزواندنی هەستی قەومپەرستیەوە، خەڵك بەکێش بکات بۆ پشتی ناسیونالیزمی کورد. بۆ ئەوەیە شەڕی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵ‌و داسەپاوی ئەم حیزبانە لەسەر ژیان‌و گوزەران‌و ئازادی، لە بیری خەڵك بەرێتەوە. بۆ ئەوەیە زەینی خەڵك بەرەو جێگایەکی تر بەرێت. ئەمە ڕێك درێژەی ئەو قسەیەی مسعود بارزانیە کە ڕۆژی 11ی ئاب لە کۆبونەوە لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی چەمچەماڵ ووتی " ئێوە مافی خۆتانە خۆپیشاندان بکەن، بەڵام ئاگاتان لەوە بێت هیچ لە نێوان ئێمەو ئێوە نیە، ئێمە یەکین‌و ڕیگامەدەن نارەزایەتیەکانتان بخرێتە خانەی دژایەتی ئێمەوە" ئەمە دروست سازکردنی شەڕێکە بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئەوەی خەڵکی وە دەنگهاتوو لە دژی خۆیان لەگەڵ خۆیان بکەنەوە بەیەك. خەڵك نابێ‌و ناکرێ بەمە فریوبخوات. دەبێ خەباتی لێبڕاوانەی خۆیان لە پێناو خواستەکانیان تا سەر درێژەبدەن.

## شەڕی یەکێتی‌و پارتی

بەرەیەکی تری ئەم شەڕە ئالایە کە مسعود بارزانی بەرپای کردوە، شەڕی بردنەوەو زاڵبونی سیاسیە بەسەر یەکێتیدا. کێشمەکێشی ئەم دوو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی، لەسەر دەسەڵات‌و لەسەر ڕابەری ئەم بزووتنەوەیە، لە هیچ هەلومەرجێك‌و بە هیچ ڕێککەوتنامەیەك، بۆ ساتێك نەخەوێنراوە. ئێستا کێشمەکێش‌و پێشبڕکێی ئەم دوو حیزبە لە قاڵبێکی سیاسیدا زۆر بە گەرمی بەڕێوەیە. یەکێتی‌و تاڵەبانی لەم چەند ساڵەدا بەردەوام بۆ پارتی‌و بارزانی دایانشکاندوە. ئێستا ئیتر هەر چاودێریکی سیاسی‌و تەنانەت هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایش ئەو ڕاستیە دەزانێ کە پارتی دەستی باڵای پەیداکردوە.

پارتی‌و بارزانی لەم هاوسەنگیە تازەیەدا، بە بەخشینی پۆستی ڕەمزی سەرۆك کۆماری عێراق بە تاڵەبانی، هەموو شتێکی کوردستانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە. ئێستا کە کۆشکی کۆماری لە بەغداد خەریکە شێوە ڕەمزیەکەشی نامێنێ، معلوم نیە ئەگەر تاڵەبانی بیتەوە بۆ کوردستان چی بەردەکەوێت؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام بارزانیو پارتی تازە هەر بەمەوە ناوەستن. بە گەرمیو بە نەخشەوە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی جێگاو ڕێگای بەرزتری خۆیانو دەوری خۆیان وەکو دەسەڵاتی کوردستان بەرامبەر یەکێتی بچەسپێنن. بەم شەڕە ئاڵایەی بارزانی سازی کردوە، لەشەڕ لەگەڵ یەکێتیشدا دوو نیشانەی پێکاوە. لەلایەکەوە خۆی وەکو نوێنەرو ڕابەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد هەڵخستوەو ستراتیژێکی تری ناوەتەبەردەم ئەم بزوتنەوەیەو یەکێتشی ناچارکردوە کە دوای بکەوێتو هەنگاوێکی تر دەوری ڕابەری بۆ بسەلمێنێ. لەلایەکی تریشەوە تاڵەبانی دوچاری هەڵوێستێکی لەڕادەبەدەر ئیحراج کردوە. چونکە ئەو وەکو یەکێك لە ڕابەرانی ناسیونالیزمی کورد ناتوانێ لە بەرامبەر بڕیارەکەی مسعود بارزانیدا بەرگری لە ئاڵای بەعس بکات، وەکو "سەرۆك کۆماری عێراقیش" ناتوانێ بەرگری لە ئاڵاکەی نەکات. هەرکامێکیشی بکات یاریەکی تر بە بارزانی دەدۆڕینێ. بۆ بە حساب چارەسەری ئەم گرفتە لە چارە نەهاتووە، ناچاربووە سەرلەقاندنی خۆی بۆ خەتی بارزانی وەکو دۆلمە لە دوو توێی بەیانێکی دورودرێژدا بپێچێتەوە.

بەڵام ئەم شەڕەش هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی خەڵکەوە نیە. جەماوەری خەڵکی کوردستان لە هەموو شتێك زیاتر شەڕو کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو هێزەیان لە مەحەکداوەو بە تەواوی بۆیان دەرکەوتوە، کە لەم کێشمەکێشدا خەڵك تەنها قوربانین. بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەردوو باڵەکەیەوە، لە بەرامبەر خەڵكو بەرژەوەندی خەڵكو ئامانجە ئازادیخوازانەکانی خەڵکدا قەراریان گرتوە، کێشەی ئەوان بە هیچ جۆرێكو لە هیچ لایەکیانەوە لەسەر ئازادیو بەشی خەڵك نیە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کامیان زیاتر لە بەتاڵانبردنی بەشی خەڵکدا، زیاتری بەرکەوێت.

## سەنگەری خەباتی ڕاستەوخۆی خەڵك

کەوایە خەڵکی کوردستان ناکرێ بەم شەڕە ئاڵایە فریو بخۆن، ناکرێ دیسان دوای ئەم شەڕەو یاریو سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد بکەون، کە بەردەوام ئەم کۆمەڵگایە بۆ شکستو ناکامیو سیاسەتی بە نرخی ڕۆژ نانخواردنی خۆیان بە کێش دەکەن. لە هەرسێ ئەو شەڕانەی مسعود بارزانی دەیەوێ بەم شەڕە ئاڵایە بیانباتە پێشەوە، سەنگەری خەڵك لە سەنگەری ناسیونالیزمی کوردو مسعود بارزانی جیاوازو بەرامبەر بەیەکن. بزووتنەوەی جەماوەری پێویستە لەسەر ڕەوتی خۆیو لە سەر داخوازیەکانی خۆی پێداگرێو لە دەوری پلاتفۆرمی خۆی پەرەبسێنێ تا بە خواستو ئامانجەکانی خۆی دەگات. ئەمە یەکێکە لە سەنگەرو مەیدانە واقعیەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان.

سەنگەرو مەیدانێکی دیکە، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتی لە پێناو خواستەکانیدا، خەباتە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستانو دەرکێشانی لە گێژاوی ئیستاو لە ڕکێفی دەسەڵاتی میلیشاییو گەندەڵی ناسیونالیزم. کۆمەڵگای کوردستان بۆ ڕزگاربوونی لەم گێژاوەو لە گێچەڵی کارەساتێك کە خەریکە لە سایەی تەقینەوەی دووبارەی شەرو کێشەی هێزە قەومیو دینیەکاندا، شەپۆلەکانی گەورەتر دەبێتەوە، پێویستی بەوەیە جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز بێگوێدانە چەواشەکاریو یاری کردنی ناسیونالیزم بە شیعاری فریوکارانە، ڕاستەوخۆ لە دەوری بەرپاکردنی خواستی ڕیفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان بێنە مەیدان. ئەمە ڕێگایەکە کە چەند ساڵە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناویەتیە بەردەم ئەم کۆمەڵگایەو بۆی تێدەکۆشێت. ئەمڕۆ زەمینەو زەورەتی لە ڕادە بەدەر هەیە بۆ جێبەجێ کردنی.

5ی سەپتەمبەری 2006

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com